حكومة اقليم كوردستان/ العراق
وزارة الصحة
المديرية العامة لصحة اربيل
مديرية التخطيط
شعبة التمريض

حکومەتی هەرێمی کوردستان / عێراق
وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان
هۆبەی پەرستاری

Kurdistan Region Government/ Iraq
Ministry of Health
General Directorate of Health – Erbil
Directorate of Planning

ژمارە:      العدد: ١٦٢١٠
بەروار: / / ٢٠١٥      التاريخ: ٢٠١٥/١١/٢٠

## پێشمەرگە سومبولی نەتەویە و پارێزەری کوردستانە

بۆ/گشت نەخۆشخانە و سەنتەر و بنکە تەندروستیەکانی سەر بەڕێوەبەرایەتیەکەمان

بابەت / تاقی کردنەوەی دەرەکی

ئاماژە بە نووسراوی وەزارەتی تەندروستی ژمارە(١٤٨٣٤) لە بەرواری ٢٠١٥/٩/٢١ رێنمایی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دەرەکی تایبەت بە پەرستارانی دەرچووانی قوتابخانەی پەرستاری- برین پێچ بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥) بۆتان ڕەوانە دەکەین بۆ مەبەستی ئاگادارکردنەوەی (پەرستاران وبرین پێچان)،ئەوانەی ئارەزووی بەشداریکردنیان هەیە بۆ ئەنجام دانی تاقیکردنەوەی دەرەکی وپێشکەشکردنی داواکاریان بۆ بەڕێوەبەرایەتەکەمان تا بەرواری <u>٢٠١٥/١٢/٢٤</u> دەبێت بە پێی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە:

**یەکەم/** ڕێنمایی تایبەت بە پەرستارانی دەرچووی قوتابخانەی پەرستاری بە بەشداریکردن لە ئەزموونی دەرەکی کە لە **مانگی دووی** ساڵی **٢٠١٦** دەست پێدەکات:

١. بڕوانامەی دەرچوونی قوتابخانەی پەرستاری.
٢. کارکردن لە دام و دەزگاکانی تەندروستی لە سێ ساڵ کەمتر نەبێ و بەردەوام بێ
٣. لاری نەبوونی فەرمانگەی تەندروستی خۆی.

**دووەم/** ڕێنمایی تایبەت بە دەرچووانی خولی برین پێچ:

١. بڕوانامەی دەرچوونی سێ یەمی ناوەندی بە دەست هێنابێت
٢. بڕوانامی دەرچوونی خولی پەرستاری بەدەست هێنابێت
٣. فەرمانی بەخشینی ناونیشانی برین پێچ هەبێ
٤. کارکردن لە دام ودەزگاکانی تەندروستی لەسێ ساڵ کەمتر نەبێ و بەردەوام بێ
٥. لاری نەبوونی فەرمانگەی تەندروستی خۆی

زینب/پەرستاری

**سێیەم/زانیاری تەواو لە فایلی بەشداربوو**

١. بڕوانامەی دەرچوونی قوتابخانەی پەرستاری پەسندکراو
٢. پوختەی ڕاژە
٣. ناسنامەی باری سارشتانی(هویـة احوال مدنیة)
٤. (٤) وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ
٥. لاری نەبوونی شوێنی کارکردن(پشتگیری)

لەگەڵ ڕێزماندا...

**دکتۆر**
**سامان حسین بەرزنجی**
**بەڕێوەبەری گشتی**

**وێنەیەك بۆ :**

- نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا.
- نووسینگەی بەڕیز یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری کارمەندان.
- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان/هۆبەی پەرستاری/بۆ زانین و بەدواداچوون لەگەڵ ڕێزماندا.
- ب. ت.دەشتی هەولێر/ ب. ت.شەقڵاوە / ب. ت.سۆران/ ب. ت.چۆمان / ب. ت.بارزان/ ب. ت.خەبات/بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە.
- کەرتی تەندروستی مەخموور/بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە
- وێب سایتی بەڕێوەبەراییەتەکەمان بۆ بڵاوکردنەوە لەگەڵ ڕێزماندا.

زینب/پەرستاری